# شاعیر، ئەوکەسەی کە تاریکیی تیر باران دەکات !
## هەڵوێستگەلێك لەمەڕ شیعر و بوون



**حاتەم ئەلسەگەر**
**و عیسا چیایی**

**١.شەوی مانا: گفت وگۆ**

کیتابی (شەوی مانا )-هەڵوێست و بۆچوونگەلێك لەمەڕ شیعر و بوون -بەیروت ١٩٩٠)،سەرنجمان بۆ گرنگی ئەوهەڤپەیڤینیانە رادەکێشێ کە لەنێوان شاعیران وخوێنەرانیاندا روو دەدەن, بەم گفتوگۆیانە، پەردە لەسەر کانزایەکی گەورە لادەبرێ، بەوەش خوێنەر لەدەرەوەی دەقەوە بەڵام لەناوەوەی دیدگای فراوان و، لە دیدگای شیعر و بوونەوە، وەژوور دەکەوێ، ئەم راستییەش لەسەرەتای ئەو هەڤپەیڤینە دوورو درێژە(٢٥٠)لاپەڕەییەدا بەرجەستە دەبێ کەلەگەڵ (صلاح ستیتیە)ـدا ئەنجام دراوە، ئەو شاعیرە لوبنانییەی کە بە فەرەنسی دەنووسێ

.. کتێبگەلێکی زۆر گفتوگۆی فراوانیان ئەنجام داوە، کەنووسەرێ-خوێنەرێك یان رۆژنامەنووسێ - رەخنەگرێك لەگەڵ شاعیرێکدا,

هەموو ژیانی ئەستونیی وئاسۆییشی لێکداوەتەوە، بەمانای چاودێری کردنێکی کرۆنۆلۆژی (بەرێکخستنی رووداوەکانی ژیان و بەرهەمەکانی لەرووی مێژووییەوە).

هەروەها رۆچوونێکیشە بەقووڵایی ئەو ئەزموونەدا، لەو جێگایانەی کەژیانی شاعیر لەگەڵ بیرکردنەوە و راکانیدا یەکدەگرن .

لەم رووەوە کیتابێکی فەرەنسیمان بیر دەکەوێتەوە : (کریمیو ) (چەند هەڤپەیڤینێك لەگەڵ (ئەراگۆن)ـدا، ئەوکتێبەش بریتییە لەچەند چاوپێکەوتنێکی ئێزگەیی لەگەڵ ئەراگۆنی شاعیردا (بەعەرەبی ساڵی ١٩٨٨ لەبەیروت بێوبۆتەوە)وکیتابێکی تریش، ئەنجامدەری گفتوگۆکە وای بەباش زانیووە، کە ببێتە لایەنێکی راستەو خۆ لە هەڵوێست وراکانیشدا، بۆیە دوو بەشی لێنووسیوە و پاشان داوای لە(عەبدولوەهاب بەیاتی) شاعیر کردووە ئەویش شتی تیا بنووسێ، دوواتر هەموو ئەم بەشانەی لەکتێبێکدا کۆکردەوە بەناونیشانی : (گەران بەدووای سەرچاوەکانی شیعرو دیدگادا —گفتوگۆیەکی خودی لەرێگەی ئەویترەوە ( کەلە بەیروت ساڵی ١٩٩٠) بەئیمزای شاعیرو رەخنەگر وئەنجامدەری گفتوگۆکە (محی الدین صبحی) بێو بۆتەوە.

ئەو گفتوگۆیانەی، کەلەسەر ئاستی چرکردنەوەی پرسیار و توورەبوونی وەڵامدانەوە بەرزترن، یان گەرانێکن بەدووای ئەوشتانەدا کەکۆمەڵایەتین، یان تەنانەت ئەو شتانەی کەرووکەش وسادەشن

دەوڵەمەندیی ئەوپەیوەندییە گفتوگۆییانەی نێوان شاعیر وخوێنەری شیعرەکانی دەردەخەن، تەنانەت لەو جێگایانەی کەلەدەرەوەی خوێندنەوەی دەقەکانیشدا رۆلی پرسیارکەر دەبینێ، رەنگە ئامادەبوونی خوێنەریش سەرەرای ئەوخۆ هەڵقورتاندن و بەریەککەوتنانەی کەلەگەڵ شاعیردا روودەدەن، یان لەنێو ئەوپەراوێزە قورسانەی کە لەرووی مێژووییەوە یان بۆخوێندنەوەی کارە شیعرییەکانی دەگەرێنەوە بۆ ناسینی شاعیر وشیعرەکەش، رەنگە شتێکی سوودبەخش بێت.

وەکو ئەو هەوڵەی( فوئاد ئەبو مەنسور)، لەکیتابی (ئەراگۆن لەرووبەرووبوونەوەی سەردەمدا، لەبەیروت وساڵی ١٩٧٢ چاپ وبێوبۆتەوە )، کە چاوپێکەوتنەکەی کردۆتە چەند بەشێکەوە، بەگوێرەی ئەوقۆناغانەی کە بە تێگەیشتنی ئەو شاعیری پیا تێپەرییووە.

..لەم چاوپێکەوتنە دوورو درێژەدا، (ستیتیە) وەکو خوێنەرێك دەناسینەوە بۆ خەڵکانی تر، چونکە ئەم چاوپێکەوتنە پیاچوونەوەیەکە بە سەرەتای پێگەیشتن و ئەوکتێبانەی کە ئەو خوێندوویەتیەوە و قۆناغەکانی خوێندن و کارەکانیشی —هەروەها لەدەرەوەی کارەجۆراوجۆرەکانی خۆیەوە لە (شیعر , لێکۆڵینەوە , رۆمان ، وەرگێران بۆ زمانی فەرەنسی ) دەوەستێ تا باسیان لێوە بکات.

ژیانی (ستیتیە)ش جۆراوجۆرە، هەروەکو رەنگدانەوەیەکی تەنکی هەمان ژینگە و دروستبوونی رۆشنبیرییەکەی خۆی بێت،

کورتکردنەوەی ئەم ژیانەش، بە وێستگە سەرەکیەکانیدا بۆچوونێکت دەدەنێ لەسەر ئەم جۆراوجۆرێتییە : بۆ لەدایکبوونی لەبەیروت وخوێندنی لەمناڵییەوە، لەقوتابخانەکانی فەرەنساو، نیشتەجێبوونی پچر پچر وموومارەسە کردنی کاری دبلۆماسی هەر لەفەرەنسادا. چونکە بەلای ئەوەوە ژیان وەکو بزاڤێك و وەکو پێشکەوتنێکیش بەرهەمی تێکچوونی ئەو شیرازەیەیە و هەر ئەم تێکچوونەش دەگاتە جۆرەها و سەنگییەك کە زۆر نابات ئەویش تێکدەچێتەوە.

دانانی دەستەواژەی ( مقگع /قصیدە )، کەناونیشانی کارێکی شیعریی ئەوە، بەنمونەیەك بۆ ئەوە دێنێتەوە، ئەمەش بانگەوازکردنێکە بۆ ئەوراستییەی کە: چامەیەك هەیە بەتەواوەتی تەواو نەبووە. ئەوەش کە شاعیر دەینووسێ، پارچەیەك یان چەند پارچەیەکن، چونکە لەراستیدا چامە زۆر لەوە گەورەترە، وئەو پارچانەش کە دەبینرێن دووا هەوڵدانیەتی و چەند ئاماژەیەکن بۆ ئەو شێوە تەواوبووە، یان دواشێوەی..

شیعر لەدیدی( صلاح ستیتیە)ـەدا، گوزارشتکردنێکە لەو شتانەی کە کەرەستەکانی تر ناتوانن هەستی

پێبکەن، بەڵام شاعیر زیاتر لەو تیرهاوێژە دەچێ کەلەتاریکیی خودی خۆی و تاریکیبوونەوە لەشتە ونو نەزانراوەکان دەگەڕێت و بێئەوەی شوێن و سیفەتەکانیشی بزانێ، مشتی لێگرتووە تا بەوردی بیپێکێ.

(( نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کەئەم ناولێنانەی (ستیتیە )، لەرووی مانا و دارشتنیشەوە، کۆکە لەگەڵ ئەو پەندە کوردییەدا کە بەئاگادارکردنەوەوە دەڵێ :- (گوللە مەنێ بەتاریکییەوە )، ئەگەرچی لەدیدی ئەو مەبەستەی ئەوەوە، تەواو پێچەوانەکەی دەگەیەنێ......چیایی ))

بەلای ئەوەوە:(( ئەوەش کارێکی هونەریی راستگۆو داهێنەرانەیە))، (ستیتیە) دەڵێ : (( لەتاریکیی خود یان لەتاریکی بوونەوە بەرەو رووناکییەکی پەتی )) و بەوەش نهێنییەکی تری ناولێنانەکانی دەدرکێنێ، چونکە کیتابی پەخشانی ((تیر هاوێژێکی کوێر))، ئەو لێکۆڵینەوانەی لەخۆگرتووە کەدەربارەی شیعر وشارستانێتییە. ناونیشانەکەشی ئاماژە بەشتێکدەدات کە موتنەکەی ویستوویەتی بیڵێ، ئیتر لێرەوە ناونیشانی ئەم گفتوگۆ دوورودرێژە دروست بووە کە [ شەوی مانا]یە..

چونکە شاعیر موسافیرێکە لەشەوی ماندادا، ئەو شەوەی کە هەر دەبێ کازیوەیەکی بەدوادابێ،

ئەوەش ئەو دروشمەی شاعیرە کە لەچرکەیەك لەچرکەکانی ئیلهامەوە پێیدەگات، ئەودەمانەی کەدیدی شاعیر لەجیهانی دەرەوە دادەبڕێ و ناخ وئاسمانی ناوەوەی بۆ دەکرێتەوە، بەڵام ئەم گەیشتنە بەلای (ستیتیە)ـەوە، شتێك نییە جگە لەسەرەتای شەوێکی تازەو هەوڵدانێکیشە بۆ کازیوەیەکی تر.

**٢.رەچەڵەك و دروستبوون**

(سەلاح ستیتیە)، ئەو دڵتەنگییەشی ناشارێتەوە کە لەئەنجامی ئەوکارلێکانەی پەروەردە و خوێندنەوە ئامادەکراوە بۆ نووسین، ئەوکاتەی بۆ یەکەمینجار و زۆر بەداخەوە بەفەرەنسی نووسینی ئەنجام داوە، کاتێ ئامادەکاری گفتوگۆکە لێیدەپرسێ :-ئەم داخە بۆچی..؟ وەڵامەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ منالیی : ئەو قۆناغەی کە هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ/منال لەگەڵ بووندا، لە راستی ئەوهەستکردنانەو لە وەرگێڕانێکی خەیاڵیی ئەوهەست وزانینەوە سەرچاوە دەگرێ کە دوواتر و لەبارەی بوونەوە فێر دەبێ.

وەك بڵێی ئەوخەون وخەیاڵ وهەستە هەڵقووڵاوانەی شاعیر، زمانی فەرنسییان بەزیندانێك بینیبێ، ئەو زیندانەی، کە کەسوکار و مامۆستاکانی بەفریاد رەسێکیان زانیوە،

—بەڵام دوواتر ئەم زیندانە زمانییە دەبێتە تەنیا پەناگەی، چونکە هیچ چارەیەکی تری نییە ئەوە نەبێت کە لەودا گوزارشت لەشتەکان بکات .

تێپەڕینی سی ساڵ بەسەر فێربوون و وەرگرتن بەزمانی فەرەنسی، نەیتووانیوە پێگەیشتنی یەکەمی بیر بباتەوە، کەلەمەجلیسی باوکیدا کە ئەویش شاعیر بووە، شیعر خوێندراوەتەوە وگفتوگۆکراوە

( ئەحمەد سافی ئەلنەجەفی و بولس سەلامە)، لەهاتوچۆکەرانی ئەو مەجلیسە بوون.

(گرنگترین کارەکانی (ستیتیە)، وەرگێڕانی شیعرەکانی (ئەدۆنیس) و چامەکانی جیکۆری سەییابە بۆ زمانی فەرەنسی )، لەبارەی سەییابەوە کە لەلایەنی مرۆیی و وەکو شاعیرێکیش بەلای (ستیتیە)ـەوە گرنگ بووە،

چونکە لای (سەییاب) ئەزموونێکی ژیانی هەبووە، لێوانلێو بووە لە توولانەوە، بەبۆچوونی ئەو (سەییاب) شاعیرێکی گەورەیەو هێز لەو بارە خراپانە (سلبیات) وەردەگرێ و دەیانگۆڕێ بەلایەنی باشە (ایجابیات)، یەکێکە لەبلیمەتترین ئەو شاعیرانەی کەنمونەن لە دروستکردنی وێنەی شیعرییدا و لەو ئاوازە لێرکییەی ناوەوەی شیعریشدا کە قووڵاییەکی رووحی دەبەخشێتە چامە ) لەهەموو شیعرەکانی سەییابدا ئەو زۆرتر سەرسامە بە (چامەکانی جیکۆر) و بەلوتکەی شیعرەکانی دادەنا، هەروەها لەبارەی (منال وتەقەمەنی /الأسلحە والأگفال) یشـەوە دەدوێ، ئەو چامەیەی کە هەمووی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی.

لە کۆتایی شەستەکاندا ئەو کاتەی (ستیتیە) کیتابی (ئور لەشیعردا) ـی نووسی، بڕیاریدا سروشتی ئەو ژینگەیە ببینێ، بەڵام ئەو خۆی لە ئاوایی جیکۆرو بەتەنیشت ئەو ماڵەوە بینیەوە کە(سەییاب)ـی تیا ژیا.

گەڕانەوەی ئەم شارانە بەلای شاعیرەوە، رووناکییەکیترە بۆ شەوی مانای مرۆڤایەتی، یان ئەویش (چرایەکی

تاریکی تەمومژاوی )ـی ئەو شەوە یە _کەئەمە ناونیشانی کۆمەڵە شیعرێکی(سەلاح ستیتیە) یە ساڵی (١٩٧٩) بۆو بۆتەوە، کەلێی دەپرسێ : بۆچی چرای تەمومژاوی٠٠؟

(ستیتیە) وای وەڵام دەداتەوە :

چونکە چرای ئاخاوتن، چرایەکە رووناکییەکی تەواو رووناك نابەخشێ، ئەگەرچی شاعیر ئەو چرایە بۆ ئەوە هەڵدەگرێ تا بتوانێ بە شەوی مانا و شەوی ئاماژەشدا تێپەرێ ٠

### ٣.بیرکەوتنەوەکان

(ستیتە) سەرسامیی خۆی ناشارێتەوە بەچەند شاعیرێکی دیاریکراوی فەرەنسی، کە بەقووڵیی کارەکانی خوێندۆتەوە و هەندێکیانیشی ناسیووە، هەروەها زۆر شاعیری جیهانیی ناسیووە، وەکو (نازم حیکمەت) یان ئەو عەرەبانەی کە بەفەرەنسی دەنووسن وەکو (جۆرج شحاتە) و (مالیك حەداد )، هەستی بەو خەمەی (نازم حیکمەت) کردووە، کاتێ زۆر بەهیوابووە دیوانە شیعرییەکانی بەزمانی خۆی چاپبکرێن، لەکاتێکدا بەروسی چاپ وبڵاو دەکرانەوە٠

بەڵام (ستیتیە) بەزمانی گۆشەگیریی و بە هەستی خۆ بەکەمزانینەوە بەرامبەرەکەی نادوێنێ،

بەڵکو رووبەرووی شارستانیەتییەکەی دەبێتەوە و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات٠٠ ئەمەش یەکێکی ترە لەو نهێنییانەی کە پایەیەکی بەرزی داوەتە شیعرەکانی ئەو، لەنێو ئەو شیعرانەدا کەبە زمانی فەرەنسی نووسراون، دەرگا لەسەر ئەدەبی نیشتمانەکەی خۆی دەکاتەوە و لە زانکۆشدا فریای وانەکانی (ژاك بێرك ) دەکەوێ، تا لەو سەرچاوە زانیارییە کۆنانەی شیعر زیاد بکات و دووبارە ئەوسەرچاوانە بخوێنێتەوە کە نەیتووانیوە لەکولتوریەکەی تێ بگات،

٠٠٠لەبارەی ژنیشەوە (ستیتیە) تەنیا بیری ناکەوێتەوە، بەڵکو بە فەلسەفەوە بوون بەوپاکانەیە لێکدەداتەوە کەئەوی تیا دەژێ،

((ژن رۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لەخەیاڵی مندا، لەشیعری منیشدا٠٠ جا ئیتر ئەو رۆڵە لەسەر ئاستی جەستە یان ئاماژە بێت، بۆیە هەر دەبوو رۆژێ لەرۆژان وەکو جەستەیەکی زمانیی ولەبواری وشەکانمەوە بە ژن بگەم٠ هەرئەمەش بوو کە لەو رۆمانەیدا بەرجەستە بوو٠(خوێندنەوەی ژنێك٠١٩٨٨)، ئەوەش دەلالەتێکی فراوانی هەیە، چونکە پەیوەستە بە مەرگیشەوە، چونکە نائامادەبوون، جێهێشتنی، دوورخستنەوەی، دڵسۆزی و خیانەتی یا ئازارەکانیشی، وێنەگەلێکی ئاماژەبەخشن، شاعیر پێیان دەوڵەمەند دەبێ٠ لەراستیدا (شەوی مانا) سفرێکی دوولایەنە بوو لەبواری ژیان وشیعرو لەئێستا و یادەوەری و لەوشە و واقیع و لەنیشتمان ولەغوربەتیشدا، بۆیە بروانامەیەکی زیندووی شیعرە کەلە دەرەوەی شیعرەوە، وەکو رژێمێکی زمانەوانی و بەلای خوێنەری عەرەبیشەوە نمونەیەکە بۆ بیرکردنەوەی ئەم وەچە تازەیەی تاراوگە، کەبەدەست نامۆییەکی زمانیی ومرۆییەوە دەناڵێنن ٠

**ژێدەر:** رۆژنامەی (القادسیە ) ی عێراقی، ژمارە (٣٧٧٧)٠